# نەوشیروان موستەفا پێش ئەوەی داوای بەیعەتمان لێ بکات،
# پێویستە خۆی لە گوناهەکانی پاک بکاتەوە

زاهیر باهیر
لەندەن 2007/02/26

ماوەیەکی زۆرە و خەڵکانێکی زۆر لەسەر بارودۆخی ئێستای کوردستان دەنووسن و ڕوکارە خراپ و ناشایستەکانی ناو کۆمەڵگە نیشان دەدەن؛ باس لە گرانی و گەندەڵی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوری دەکەن. کەسانێکی دیکەش لە پاڵ ئەم باس و خواسەدا کەوتونەتە تەشهیرکردن بە ڕەوشت و کەسایەتی هەندێ لە سیاسیەکان و بەرپرسە سەربازییەکان و کەسانێک کە پلەو پایەی کۆمەڵایەتی و لێپرسراوەتی گەورەیان هەیە، بێ ئەوەی کە ئەم دیارە تاکەکەسییانە بە ڕەگوڕیشەی کۆمەڵگەی سەردەمی ئێستای کوردستان و ئەو بارودۆخەی کە کوردستانی پێدا تێدەپەڕێ، گرێ بدرێنەوە. بێگومان هەرچی لەسەر بارودۆخی کۆمەڵگەی کوردستان نووسراوە، کەم تا زۆر لەوە ڕاستە و بارودۆخەکە زۆر لەوە خراپتر و مەترسیدار ترە، زیاتر لەوەی کە زۆربەمان پێشبینی دەکەین. چونکە دوور نییە ڕکوکینەی خەڵکی لە بەرامبەر نادادپەروەری کۆمەڵایەتی لە هەموو بوارەکاندا، بتەقێتەوە و ڕەش و سپی و تەڕووشک بەیەکەوە بسوتێنێت، تەنانەت خانووبەرە و کۆمپانیا و باڵاخانە و کارگەی کەسانی سەر بە پارت و دەوڵەتی گەر هەر بە وتیوتی خەڵکیش بێت کە موڵکی ئەوانە کاول بکرێن. ڕەنگە ئەمەش زەمینەیەک بۆ ڕێکخراو و بزووتنەوەی ئایینی و مەزهەبییەکان دەستەبەر بکات بۆ گەیاندنیان بە ئامانج و دەسەڵاتیان.

ئەم بارودۆخەی کە لە کوردستاندا بەرقەرارە، بێ هیواییەکی گەورەی لە ناخ و دەرونی خەڵکدا دروستکردووە تا ئەو ڕادەیەی کە ناچاری وای لێکردوون تا چاو ببرنە تروسکاییەکی کەمیش کە لەم سەردەمە تاریکەدا ڕێگایان بۆ ڕوناک بکاتەوە، یا دەنگێکی نوزەڵ کە ئومێدێک بە گوێیان بدات تا ئەو ڕادەیەی کە ڕەنگە متمانە بە خودی ئەو کەسانەش کە خۆیان بەشێک بوون و تا ئێستاش هەر بەشێکن لەو گەندەڵییە و دەستیان هەبووە و هەیە لەو بارە ناهەموارەدا کە ملیۆنەها کوردی چ لە کوردستان و چ لە دەرەوەی کوردستان پێوەی ئەناڵێنن، بکرێ. بەلام پرسێکی گرنگی تریش بۆ خەڵکی ئاشکرا بووە، ئەوەیان بۆ سەلمێنرا کە لە ماوەی 15 ساڵی ڕابوردوودا تاکو ئێستا چەندێک ئاڵای کوردستان ڕەنگین و بڵند بێت، چەندێک جوان و شەکاوە بێت، چەندێک پانوپۆڕ بێت بەڵام بۆ خەڵکی دادی فتیلەیەک نەوت نادات، بۆ خەلکانی نەخۆشی دەست نەڕۆیشتوو حەبێکی سەرئێشە ناهێنێ، بۆ کەسێک یا خانەوادەیەکی بێ خانووبەرە کرێخانووی مانگێک یا تەنانەت هۆدەیەکیش دەستەبەر ناکات، کارئاسانی بۆ دەستکەوتنی کارێکی ئاسایی بۆ بێکارێک یا کەسێکی بێ واسیتە ناکات... تد.

جێی سەرسوڕمان نییە کە ئەمە مایەی خەبات و تێکۆشان و کوستوبری 45 ساڵەی ڕابوردووە. چونکە بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد ( کوردایەتی بە مانا چەکدارییەکەی) لەو ڕۆژەوەی کە دروست بووە تاکو ئەمڕۆ کە حکومەتی پێکهێناوە خەڵکانی هەژار و چەوساوەی کورد تاکە سوودێکیان لێ نەبینیوە و بگرە زەرەرمەندتری کردوون.

بزووتنەوەی کوردایەتی بە هەموو باڵەکانییەوە ڕۆڵی بەهێزکردنی حکومەتە یەک لە دوای یەکەکانی عیراقیان دیتووە، ئەوانیش بە ڕۆڵی خۆیان ئەمیان بەهێز کردووە چ بە کوشتن و بڕینی خەڵکی و چ بە دروستکردنی زەمینەی تۆقاندن وایان کرد کە خەڵکێکی زۆر دژایەتی ئەوان بکات و پشگیری بزووتنەوەی چەکداری کورد بکات. گەمەیەکی سیاسی بێ کۆتایی پڕ لە کارەساتی دڵتەزێن و جاروبارێش گاڵتەجاری (کۆمیدی) بووە. داردەست و دەستکەلای دەستی وڵاتانی دراوسێ و موساد و سی ئای ئەی بووە.

بزووتنەوەی کوردایەتی و حکومەتە یەک لە دوای یەکەکانی عیراق لە پیادەکردنی سیاسەتی کوشتن و بڕینی سەدان هەزار خەڵکانی بێ گوناە لە کوردستان و عیراق تەواوکەری یەکتری بوون، سیاسەتێک کە مایەی وێرانکردن و ڕاگواستنی 4000 گوندی کوردستان و خاپورکردنی زۆربەی زۆری تر بە فەرامۆش کردنیان لە هەموو ڕوویەکەوە، سیاسەتی ئەنفالکردنی کورد و بەکارهێنانی گازی کیمیایی و مردنی هەزاران کەسی چاونەترس لەژێر ئەشکەنجە و پەتی سێدارەدا ... ئەمانە و زۆر کارەساتی جەرگ بڕی تر.

بزووتنەوەی کوردایەتی لە سەردەمی شاخەوە تا گەیشتنی بە دەسەڵات لە پاڵ ئەوانەی سەرەوەدا، برای کرد بە دوژمنی برا، خزم بە هی خزم، دراوسێ بە هی دراوسێ، گوند بە هی گوند، شار بە هی شار، تا ئەو ڕادەیەی کە کار گەیشتە سەر دابەشکردنی شتە بێ گیانەکانی وەک : شیو و دۆڵ و شاخ و چیا و ڕەنگ و جامەدانەش.

بزووتنەوەی کوردایەتی، کاتێک کە دەسەڵاتیشیان کەوتە دەست، نەک نەیانتوانی کۆتایی بە سیاسەتی بەعس بێنن، بەڵکو ئەو پێویستییە بنەڕەتیانەی وەکو ئاوی پاک و کارەبا و گاز و نەوت و بەنزین و کەرەسەکانی خوێندن و نەهێشتنی نەخوێندەواری و بنەبڕکردنی نەخۆشییەکانی سەردەم و دەستکەوتنی داوودەرمان بە بەلاش یا پارەیەکی ڕمزی و بەڕێوەبردنی خزمەتگوزارییەکانی تر ... گەلێکی تریش کە سەدام بۆ خەڵکی دابین کردبوون، خەڵکی کوردستان ئەمانەشیان لە دەست چوو یا ڕاستر دەسەڵاتی کوردی ئەوەشی لێ سەندنەوە.

لەم ماوەی 45 ساڵەدا باجێکی گەلێ گەورە و گرانمان دا. بەڵام ئایا هەر ئێمەین ئەم باجەمان داوە؟ من پێم وایە سەرجەمی بزووتنەوە نەتەوایەتی و ڕزگاریخوازەکانی جیهان هەمان باجیان بە زۆر یا کەمەوە داوە. هەر ئاماژەکردن بە هەندێکیان ئەو ڕاستییەمان بۆ دەسەلمێنێت؛ لەوانە ڤێتنام، کەمبۆدیا، لاوس، کینیا، زیمبابۆی، کۆنگۆ (زایر) و لیبیا و فەلەستین و جەزائیری یەک ملیۆن قوربانی و لە بن دەستیشماندا شۆڕشی ئێران.
بەڕای من تەنیا قازانجێک کە لەم ئەزموونە بێ بەرەی خۆمان کردبێتمان، ئەوەیە کە هەبوونی دەوڵەتی نەتەوەیی تەنیا گۆڕینی دەم و چاوەکانی پێشووترە بە یەکێکی تازەتر، ئەگینا بار و قورسایی ژیان بۆ زۆربەی هەرەزۆری خەڵکی کوردستان، هەر بە کۆڵی خۆیانەوەیە. ناهەمواری

باری ژیانی خەڵک لە کوردستان بەو ڕادەیەیە کە دەتوانین بڵێین سەد ڕەحمەت لە کفن دزی پێشوو یا وەکو شاگردەکەی وەستای کەبابچی دەبێ هەر بڵێین "ئای کە دوعامان کرد"*.

ئەم بارودۆخەی کە ئێستا لە کوردستاندا هەیە ناڕەزاییەکی زۆری دروستکردووە بەتایبەت لە نێوەندی خەڵکە هەژارەکەدا لە گەنجان و ڕۆشنبیران و بڕێک لە خەڵکانی یەکێتیش، ئەوانە کە هێشتا تا بینەقاقایان لەو گاوەدا نوقم نەبووە و چاویان بڕیوەتە نەوشیروان مستەفا، هەموو هیوا و داهاتووی خۆیان بە ئەوەوە گرێداوە. بەڵام ئایا نەوشیروان مستەفا کەسێکە کە بتوانێت ئەم خەڵکە بێ هیوایە لە بارودۆخی ئێستا و هیوادار بە داهاتوو، هیوا بڕاو نەکات؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە پێوەستە گەر کورتیش بێت چەند خاڵێک ڕوون بکەمەوە:

1- لە باری کەسایەتییەوە : نەوشیروان موستەفا خۆی کەسێکی یائیس و سەرنەکەوتەیە لە خەباتی سیاسی و نەتەوایەتی دا، کەسێکە کە خوێندنەوەیەکی قوڵ و شیکردنەوەیەکی زانستیانەی بۆ گیروگرفتەکان و مەسەلەکان نییە. نایەوێ پێ لە ئەزموونی تێشکاوی بزووتنەوەی نەتەوەیی و بێ ئومێدکردنی ملیۆنەها کورد بنێت و گرێی بداتەوە بە خودی بزووتنەوەکەوە کە چۆن درووست بوو، بەرنامەی چی بوو لەگەڵ ئاقاری بزووتنەوەکە هەر لەسەرەتاوە. ئەمە جگە لەوەی کە نەوشیروان مستەفا زۆر بێ ئاگایە لە نەهامەتی و ڕوداوەکانی جیهان، دەرکی بە زۆر پرس و گیروگرفت و سیستەمی کۆمەلایەتی هاوچەرخ نەکردووە، کە بوونەتە کۆسپێکی گەورە لەبەردەم بەدەستهێنانی دادپەروەری کۆمەڵایەتی دا و چۆن ئەو کۆسپانە تەخت دەکرێن.

2- بەرنامە و بیر وبۆچوونی:

نەوشیروان مستەفا لە بزووتنەوەیەکەوە هاتووە کە بزووتنەوەی کوردایەتییە و دوایش بە بزووتنەوەی جەلالی ناسرا، کە ئەم بزووتنەوەش وەکو پێشتر پەنجەم بۆ ڕاکێشا هەر لە سەرەتای دروستبوونییەوە بچووکترین خاڵی پۆزەتیڤی نەبووە جگە لە سەردەمێکی کوردت و قۆناخێکی کورت کە تێیدا بزووتنەوەکە گۆڕا بە کۆمەڵەی مارکسی لینینییەکانی کوردستان، خودی نەوشیروان مستەفا بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ سکرتێری ئەو ڕێکخراوە بوو، هەرچەند لە ناوەڕۆکدا شتێکی جیاواز نەبووە لە پێشێنەکەی ، نەوشیروان مستەفاش بەخۆی لە کتێبەکەیدا دەڵێت " من باوەڕم بە مارکسیزم و لینینیزم نەبووە" .

نەوشیروان مستەفا پاش جەلال تاڵەبانی وەکو کەسی دووەمی ناو یەکێتی، ڕۆڵێکی خوێناوی و گەلێ خراپی هەبووە. گیانی لێبوردنی تێدا نەبووە، گیانی تەبایی و هەڵکردنی لەگەڵ کەسگەل و ڕێکخراوگەلی تری بیر و بۆچوون جیاوازی تێدا نەبووە، بۆیە هەتا هاتووە ڕکوکینەی کەسی تێدا بەرجەستەتر بووە و گەیشتۆتە رادەی کوشتنی خەڵکی و فتوای کوشتن و ئیمزای کوشتنی خەڵک، وزەی خۆشکردنی ئاگری دوژمانیەتی و کوژ کوژی نێوان خۆیان لایەنەکانی تری نێو ئۆپۆزسیۆنی چاکداری هەمیشە لە برەودا بووە، سەرکردایەتیکردنی هێرشە دڕندانەکەیان بۆ سەر چەکدارەکانی ((حزبی شیوعی عیراق)) لە قڕناقە و پشتئاشان ڕۆژێکی ڕەشە لە مێژووی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بەگشتی و (نەوشیروان مستەفا)دا بە تایبەتی.

لەو کاتەوەش کە حکومەتی هەرێمی کوردستان درووستبووە، نەوشیروان مستەفا گەرچی بە واتای وەرگرتنی پایەی کۆمەلایەتی ڕۆڵێکی ئاشکرای نەبووە، گەرچی ماوەیەک تۆراوە و ماوەیەک ئاشت بووەتەوە و گەڕاوەتەوە کوردستان، بەڵام هەمیشە کەسایەتییەکی مەعنەوی و پرسوڕا پێکراوری ناو یەکێتی نیشتمانی کوردسان بووە. لەو کاتەوەش کە ڕژێمی بەعس ڕوخاوە و داڕوخانی کۆمەلایەتی لە عیراقدا بە گشتی و لە کوردستاندا گەندەڵی کۆمەلایەتی و سیاسی و ئابوری بە پەیڕەوکردنی هەمان سیاسەتی بەعس و برەوپێدانی دەستی پێکردووە. ئا لەم کاتەشدا هەموو ئەم گەندەڵیانە بە ئاشکراو نا ئاشکرا لە ژێر لوتی نەوشیروان مستەفادا کراوە، بە پێش چاوی و بە ئاگاداری ئەو و ڕەنگە زۆربەشیان بە پشتیوانی ئەوەوە کرابن. کەواتە بیر و بەرنامەی نەوشیروان مستەفا بە هەموو ئەمانە رازی بووە.

3- پرۆژە و پلانی:

ڕاستە نەوشیروان مستەفا وازی لە نوسینگەی سیاسی هێناوە، بەڵام تائێستاش هەر ئەندامی یەکێتی نیشتمانی کوردستانە. تا ئێستاش خۆی ئاشکرا نەکردووە، بەرنامەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوری بۆ خەڵکی کوردستان یان نییە یا هەیە و بەلام ئاشکرای نەکردووە. بە پارەی جەلال تاڵەبانی یا خەڵکانێکی دەولەمەند کە بەر لافاو و لێشاوی گەندەڵییەک کە لەبەردەم لوتی ئەودا کراوە دەوڵەمەندبوون، پرۆژەکەی پێ بەڕێ دەکات یا شتی نوێ بنیات دەنێت.

کابرایەک ئەوە کەسایەتی بێت، ئەوە ڕابوردووی بێت، لەسەر زەمینەیەک کە پێشتر باسم لێوەکرد، بیەوێت بە پارەی خەڵکانێکی گەندەڵ و بە یارمەتی کەسانێک کە خۆیان بەشێک بوون لەو گەندەڵییە، شتێک دروست بکات، شتێکیش تا ئێشتا نە ناوی هەبێ و نە ناوەڕۆک، چۆن دەتوانرێت بڕوای پێ بهێنرێت؟ چۆن دەبێت بەیعەتی پێ بکرێت؟ هەر تەنیا داوێن پاکی و نەبوونی موڵک و پارە و پلەوپایە هەموو شتێک نییە بۆ ئەوەی شتێکی تازەی پێ بکرێت! ئەو سەردەمەی کە ئەوانە لە دووکەوتنی خەڵک و بڕوا پێبووندا ڕۆڵی بنەڕەتیان هەبوو، بەسەرچوو. ئێستا زۆر خاڵی سەرەکی تر هەن بۆ سەرکەوتنی پرۆژەیەک، کە ڕەنگە هەر ئەوەش دابڕێژرێت بۆ پێکهێنانی حکومەتێک.

هەڵبەتە نە کاری منە و نە راستێشە من بەرنامەیەکی کار لە ئێستا و داهاتووشدا بۆ نەوشیروان مستەفا دابنێم و نە بڕواشم بەوە هەیە کە سەرکردە و دەسەڵاتدار بتوانێت، دادپەروەر و ڕزگارکەری کۆمەڵگە بێت لە گەندەڵی. بەڵام ئەوە بە خۆم ڕەوا دەبینم کە بڵێم گەر نەوشیروان مستەفا یا هەر سەرکردەیەکی تری جەلالی یان پارتی کە ڕۆڵی گرنگیان لەو بزووتنەوە و حکومەتەکەیدا هەبووە و هەیە، پێویستە خۆیان لە گوناهەکانیان پاککەنەوە، ئەوسا باس لە چاکسازیی بکەن. ئەمەش بە ڕاگەیاندنی پەشیمانی و ڕەخنەگرتن لە پاشەڵی پیسی خۆیان دەبێت، پێویستە خۆیان لە بزووتنەوەی کوردایەتی و حکومەتەکانی دابڕن، دەبێت لەسەر بناخەی گەندەڵی ئێستا هەوڵ بۆ دروستکردنی شتێکی بەناو نوێ نەدەن، دەبێت ڕێگە بە گەنجان و خەڵکانی دەرەوەی یەکێتی و پارتی بدەن تا بەشداری بکەن، دەبێت هاوکاری لەگەڵ خەڵکانی باشی نا دینی و نا قەومی وەکو عەرەب و تورکمان و ئاسوری بکەن، دەبێت گۆڕانکارییەکانیان بنەڕەتی بن و پێویستە لە بنکە کۆمەڵایەتییەکانی خواری خوارەوە دەست پێ

بکەن نەک لە لوتکە هەرەمییەکانەوە، دەبێت لە دام و دەزگا گرنگەکانی ناو کۆمەڵگەوە؛ لەوانە قوتابخانەکان، خەستەخانەکان و دەزگاخزمەتگوزارییەکانی ترەوە دەست پێ بکەن، پێویستە بنکە و کۆمیونیتی لە گەڕەک و گوند و شار و شارۆچکەکاندا دروست بن و یارمەتی بدرێن تاکو لە گیروگرفتەکانیان بدوێن و چارەسەری بۆ بدۆزنەوە. بۆ ئەمانەش هەمووی دەبێت تەماشای ئەزموونەکانی ئەم دواییانەی ئەرژەنتین و مەکسیکۆ و (بزووتنەوەی زاباتێستا) و بۆلیڤیا و فەنزەویلا بکەن و کەڵکی لێوەرگرن. پێویستە سوود لە ئەزموونی ئەو کۆمیونیتیانەی ئیتالیا وەرگرن کە ئەنارکیستەکان بەڕێوەیان دەبەن، ئەمانە و زۆرێکی تر.
بەرای من ئەمانەی سەرەوە چاکترین ڕێگەن بۆ ئەوەی بگیرێنەبەر، ئەگینا هەمان گاڵتەجاری و هەمان گەندەڵی پەروەردە دەکرێتەوە، بۆ بەدەستهێنانی ئەو گەندەڵییەی داهاتووش ڕەنگە قوربانییەکی زۆرتر بدرێ و خوێنێکی زۆریشی بۆ بڕێژرێت، ئەوکاتە کێ بەرپرسیاری ئەوە هەڵدەگرێت؟

* دەگێڕنەوە کە وەستایەکی کەبابچی، شاگردێکی دەبێت تاکو کەبابەکەی بۆ باوەشێن بکات و بیبرژێنێت. شاگردەکە هەموو جارێ کە دەست بە باوەشێن کردن دەکات، ئەم ڕستەیە دەڵێتەوە " ئای کە دوعامان کرد، ئای کە دوعامان کرد". جارێک نییە و دووان نییە و وەستا گوێی لێ دەبێت و دێتە لایەوە و لێی دەپرسێت ئەمە یانی چی و بۆچی تۆ هەر دەست بە باوەشێنکردن دەکەی ئەمە دەڵێیتەوە؟ شاگردەکە پێی ناڵێت، جارێکی تر کە وا دەڵێتەوە، ئەوجار وەستاکە بۆی دەچێ و دەڵێت " سەگباب گەر پێم نەڵێیت، ئەوا لەم کارە دەرت دەکەم!" شاگردەکەش چاری نامێنێ و دەڵێت " کاتێک کە گەنج بووم، زۆر حەزم لە ژن بوو و داوام لە باوکم کرد، کە ژنم بۆ بێنێت. باوکیشم وتی کوڕم دوعا بکە دایکت بمرێت و منیش بێوەرژنەکەی ئەوبەرمان دەهێنم و کچەکەشی لە تۆ مارە دەکەم. ئیتر باوکم بەردەوام دوعای دەکرد و منیش دەموت ئامین، تا وای لێهات لەبەردەم دایکیشما ئەو دوعای دەکرد و منیش دەستم بەرزدەکردەوە و بەدەنگی بەرز دەموت ئامین. ڕۆژ هاتوو ڕۆژ تێپەڕی، بەیانییەکی زوو کە لە خەو هەستاین، بینیمان باوکم مردووە، دایکیشم هەفتەیەک پرسەی بۆ دانا و پاش ئەوە دەستێکی بە خۆیدا هێنا و سوکوباریک شوی کردەوە و کابرایەکی هێنایە سەرماڵ. وەستا گیان هەر ئەوەندەم خۆش بوو تا باوەپیارەکەم هاتە سەر ماڵ، ئیتر تا جارێک لە دایکم دەنیشت، سێ جار لە خۆم دەنیشت".